# نێچیری هەفتەی 2005-1-26

عەلی مەحمود محەمەد

- یەکەم حکومەت 60000 جەژنانەی کردە دیاری بۆ فەرمانبەران لە بەر خۆشەویستی , 30 یش بۆ شەهیدان و قوربانییان لەبەر دلسۆزی , دووەم حکومەتی کوردی کەمێکی بۆ زیاد کرد بەرەو ئینتخاباتە وا پێویستە کات , کەچی حکومەتی بەغدا 150000 بۆ فەرمانبەران و100000 ی بۆ خانەنشینانی هەموو عێراق دیاریکرد , عەلاوییەو پارەی خۆیەتی کێ هەقی قسەی هەیە , فلیمەکە لێرەدایە لە جەژنانەش دەبێت لەو میلەتە بخورێت کەچی هەر بە مەکرەمەی خۆشییان دەمان دەنێ , بەس ماوە کفنیشمان لەگەڵدا بەش کەن, خوایە نەسرییە بۆ مردوو نەبڕنەوە دەنا تا دەگاتە کوردستان بایی خامەکەی نامێنێت .

- پەرلەمانتارانی  سەر بە پارتی کۆمۆنیستی هێندی مانگانەی ئەم مانگەیان بەخشی بە قوربانییانی کارەساتی تسۆنامی ,  ئێمە هەموو لەبرسان زەقەی چاومان دەهات , بمردینایا پەرلەمانتارانی کورد نەك یەك فلسییان پێمان نابەخشی , بەڵکە وەك حوت خەریك بوو خۆشمان لوش دەن ئەم 11 ساڵە , ئەگەر گۆشت و کەولمیشان قڕانێکی بکردایە ئاودیو دەکراین لۆ هاندەران لە چەشنی فەردە دۆلارەکان !! .

- ناوی پاڵێوراوانی کوردی لیستی برایەتی کەرکوك بلاوکرایەوە , هەندێکییان تا ئێستا سەفاو مەروایانە , بەیانییان لە کەرکوك و ئێواران لە سەرچنار و چوار چرا , تەنها ئادرەسییان بە ڕەش لە کەرکووکە , نازانم ئەمە لیستی میوانەکانی کەرکوکە یان نوێنەرانی کوردی کەرکوك !!!! .

- بەڕێز .... لە کوردستانی نوێ وەك پاڵێوراوی پارتەکەی بۆ شارەوانی سولەیمانی ووتی :- یەك بە بێ جیاوازی خزمەت هەمووان دەکات , دیارە ئەوەی هەولێر خراپتر نابێژێ لۆ خۆی , فەقیرانە تا هەنووکە کەی جیاوازییان کردووە تا لە ئێستا بە دواوە بیکەن . ترسی ئەوەم هەیە دروشمەکان پاش بردنەوە ببێتە تاپۆ کردنی باقی شار , شارەوانییەکان لە خولی ڕابردوویان کارییان  تەنها ئەوە بوو وەك مایکرۆسکۆب

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دۆزینەوەی زەوی و شوێنی كۆنە باخچە بوو بۆ دۆست و بەرپرس و ئەحباب , ئەمانەی وا دێن هیچییان بۆ نەماوە دەبێت چی لوش دەن هاوارە ؟؟ . لە كوردستان خەڵكی نا حیزبیی سەر بە پارتە دەسەڵاتدارەكان وەك مەنبوزەكان هیندستانییان لێهاتووە , بەس ماوە بازاڕ و نەخۆشخانەیان لەگەڵ جیابكەنەوە , چونكە گەڕەك , فەرمانگە , نەخۆشخانە, چێشتخانە , ئۆتۆمۆبێل , مانگانە , كار , زەوی , جل و بەرگ هەمووی جیایە . تەنها ئەوە ماوە وەك ئەهلی زمە پەڕۆیەك زەردمان تاڵبان ئاساكان بە ناوچەوانەوە بنێن !!.

- ئەم ماوەیە تەنها هەواڵی ئاودیوكردنی 500 ملیۆن دۆلاری بڵاوە دەبێتەوە , ئەوەندە داهاتەكە زۆرە تاك ملیۆنییەكان لەبەر عەیبە باس ناكرێن ؟؟؟. ئەگەر باس كرایە خاوەنی ئەم هەموو قەسرە لە سەر بەرزایی و شێست و سەت مەترییەكان خانوەكانییان ناكرد , كەس نازانێت بەردەكانییان لە كیسراوە بۆ هاتووە یان یان دیاری قارونی میسرە !!!! .

- سەلام عەبدواڵلە لەگەڵ جرەی تەلەفۆنا لەخەومی ڕاپەڕاند بە هەڵەداوان ووتی فریا بكەوە, ووتم خێرە كێ مردووە , ووتی نا ئەو كاپیتاڵەی هاوڕێ ماركس !! , ووتم سوتاندوییانە ؟؟ , ووتی كورە نا هەڵەم لە وەرگێڕانی كردووە , هەموو چەندایەتیییەكانم كردووە بە چلۆنایەتی , ووتم دەباشە فەرمان دەدەم بە هەموو ئەوانەی دەیانەوێت شۆڕشی چلۆنایەتی بكەن با بیكەنە شۆڕشی چەندایەتی .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com